# چاودێرانی خۆجێیی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق 2024

**وەرگێڕانی: سەکوان ئەرگۆشی**

## ڕێنماییەکانی تۆمارکردن و پەسەندکردنی

## چاودێرانی خۆجێیی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق 2024

**ماددەی -1-**

**یەکەم-** لایەنە ناحکومییەکان (ڕێکخراوەکان و تۆڕەکان و کۆمەڵەکان و سەندیکاکان و تاد..) کە بەپێی ڕێوشوێنەکان تۆمارکراون و بەپێی یاسا مۆڵەتیان پێدراوە، مافی پێشکەشکردنی داواکارییان هەیە بۆ کۆمسیۆن بەمەبەستی پەسەندکرن و تۆمارکردنیان وەک تیمەکانی چاودێریکردن.

**دووەم-** کۆمسیون تەنها تیمی چاودێران پەسەند دەکات و چاودێری تاک پەسەند ناکات.

**سێیەم-** پێویستە چاودێران گشتگیر بن لە چاودێریکردنیان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن، هەروەها پێویستە ڕوون و بابەتی و وردبین بن کاتێک ڕاپۆرتەکانیان بەرز دەکەنەوە و ڕاپۆرتەکانیان لەبەردەست بن و بڵاوبکرێنەوە.

**ماددەی -2-**

**یەکەم- مافەکانی تیمی چاودێریکردن:**

أ. چاودێریکردنی گشت قۆناغەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە پارێزگادا.

ب- دوای نیشاندانی کارتەکەی، بە ئازادی و بەپێی ڕێنماییەکانی بەرپرسی بنکە، دەچنە ناو بنکەکانی دەنگدان، بەمەرجێک کار نەکاتە سەر بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان.

ج- تێبینیدان و ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەرانی کۆمسیۆن دەربارەی هەر حاڵەتێک کە بە لادان یان پێشێلکاری بۆ سەر پرۆسەی هەڵبژاردن دادەنرێت. هەروەها مافی ئەوەیان هەیە هۆشداریی بدەن لەبارەی ئەو کێشانەی لە کاتی ئامادەبوونیاندا ڕوویان داوە و دەیانەوێت بیورۆژێنن بۆئەوەی ڕێکاری گونجاو لەبارەیانەوە وەربگیرێت.

د- هەر تیمێکی چاودێری، بۆی هەیە ژمارەیەک چاودێر دیاری بکات، کە زیاتر نەبن لە ژمارەی وێستگەکانی دەنگدان لەو بازنەیەی تێیدا تۆمار دەکرێن.

**دووەم- پابەندییەکانی چاودێر:**

أ. پێویستە بەدرێژایی ماوەی چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن، کارتەکەی پیشان بدات، سەرەڕای هەڵگرتنی بەڵگەنامەیەکی ناساندن کە وێنەی کەسیی خۆی لەسەر بێت.

ب. پابەند بێت بە ڕەفتاری پیشەیی بەرپرسانە کە بگونجێت لەگەڵ پەیڕەوی پەسەندکردنی چاودێرانی خۆجێیی هەڵبژاردن ژمارە (3) بۆ ساڵی 2023، هەروەها پابەند بێت بە ڕێساکانی ڕەفتار کە لەلایەن کۆمسیۆنەوە دەرچووە و تایبەتن بە تیمەکانی چاودێریکردنی خۆجێیی بۆ هەڵبژاردن.

ج- ئەنجامنەدانی هیچ کارێک یان چالاکییەکی ڕۆشنبیرکردن بۆ هەر لایەنێکی سیاسی یان پاڵێوراوێکی بەشداربووی هەڵبژاردن.

د- نەبێتە هۆی لەمپەردانان لەبەردەم بەڕێوەچوون و ڕێکوپێکی پرۆسەی هەڵبژاردن.

هـ- لەکاتی کارکردنی وەک چاودێر، پابەند بێت بەو ڕێنماییانەی کە بەرپرسی بنکە یان وێستگە دەریدەکات.

و- لە هەمان کاتدا، داواکاری بۆ پەسەندکردنی وەک ڕاگەیاندنکار یان بریکار یان پاڵێوراو یان فەرمانبەری کۆمسیۆن پێشکەش نەکات.

ز- نەبردنەژوورەوەی ئامێرەکانی مۆبایل یان کامێرا یاخود هەر ئامێرێکی دیکەی وێنەگرتن.

**ماددەی -3-**

**یەکەم- بەڵگەنامە پێویستەکان بۆ پەسەندکردنی تیمی چاودێریی خۆجێیی:**

أ- بروانامەی تۆمارکردن پێشکەش بکات کە لەلایەن فەرمانگەی تۆمارکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی سەر بە ئەمینداریێتی گشتیی ئەنجومەنی وەزیران یان فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (بەرکار) دەرچوووێنراوە، لەگەڵ نەبوونی هیچ ڕێگرییەکی یاسایی بۆ پەسەندکردنی.

ب- پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی تۆمارکردنی تایبەت بە (سەندیکاکان و یەکێتییەکان و دەستە ئەکادیمییەکان و تاد...) کە لەلایەن لایەنە حکومییەکانەوە بەپێی یاسا دەرچوووێنراون، لەگەڵ نەبوونی هیچ ڕێگرییەکی یاسایی بۆ پەسەندکردنی.

ج- نوێنەری ڕێگەپێدراو، نووسراوی ڕێگەپێدان پێشکەش دەکات کە لەلایەن ئەو لایەنەوە دەرچووە کە نوێنەرایەتی دەکات.

**دووەم- مەرجە پێویستەکان بۆ پەسەندکردنی چاودێری خۆجێیی:**

أ. ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

ب- شیاویی تەواوی هەبێت. لەکاتی پیشکەشکردنی داواکاریی پەسەندکردن، هەژدە ساڵی تەمەنی تەواوکردبێت.

ج- لانی کەم، هەڵگری بڕوانامەی ناوەندی بێت.

د- لە هەڵبژاردنەکەدا، پاڵێوراو یان بریکاری پەسەندکراو یان ڕاگەیاندنکار یان فەرمانبەری کۆمسیۆن نەبێت.

هـ- کارمەندی هێزە چەکدارەکان یان دەزگا ئەمییەکان نەبێت.

و- لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمار کرابێت و کارتی بایۆمەتریی دەنگدەری هەبێت.

ز- دانیشتووی ئەو پارێزگایە بێت کە تێیدا تۆمارکراوە.

**سێیەم- بەڵگەنامە پێویستەکانی چاودێر:**

أ- وێنەی ڕەنگاوڕەنگی کەسی (1 دانە).

ب- کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ لە (کارتی نیشتەجێبوون یان پسووڵەی خوراک یان نووسراوێکی پشتگیری لەلایەن ئەنجومەنی شارەوانی).

ج- کۆپییەکی ڕەنگاوڕەنگ لە کارتی بایۆمەتریی دەنگدەر.

**ماددەی -4-**

**یەکەم-** پرۆسەی تۆمارکردنی چاودێرە خۆجێییەکان، لەو وادەیە دەست پێدەکات کە کۆمسیۆن دیاریدەکات.

**دووەم-** تۆمارکردن و پەسەندکردنی تیمەکانی چاودێریی خۆجێیی لە نووسینگەکانی هەڵبژاردن لە پارێزگاکاندا ئەنجام دەدرێت.

**سێیەم-** پێویستە تیمی چاودێری لیستی ناوی چاودێرەکان بە بەکارهێنانی فۆڕمی (132) پێشکەش بکات، هەروەها پێویستە دیسکێکی (CD) پێشکەش بکات کە ناو و ژمارەی کارتی ئەلیکترۆنیی دەنگدەر (بایۆمەتر)ی لەناو خشتەیەکی (ئەکسڵ)دا لەسەر بێت، بۆ ئەوەی دڵنیایی بدرێت کە ناوەکان دووبارە نین و خاوەنی دوو سیفەت نین.

**ماددەی -5-**

**یەکەم- لەم حاڵەتانەدا پەسەندکردنی چاودێرێک یان زیاتر یان تیمی چاودێری هەڵدەوەشێتەوە:**

أ. نەبوونی مەرجێک لە مەرجەکانی پەسەندکردن.

ب- پێشێلکردنی یاسای هەڵبژاردن یان پەیڕەوەکان یان ڕێنماییەکان یان ڕێساکانی ڕەفتار.

ج- ئەگەر دیاربوو کە ڕێژەی (5%) لەناوی دووبارە لەناو فۆڕمی (132)دا هەیە.

د- لە حاڵەتی نەگەڕاندنەوەی ئەو باجانەی کە ناوی چاودێرانی لەسەر نووسراوە بۆ نووسینگەی هەڵبژاردن، لە ماوەی (3) ڕۆژدا لە بەرواری وەرگرتنەوەی، بەمەبەستی وردبینی و مۆرکردنیان.

هـ- لەکاتی ونکردن یان گۆڕینەوە یان لەناوچوونی (5%) یان زیاتری ئەوباجانەی ڕادەستی تیم کراون.

**دووەم-** بەڕێوەبەری نووسینگەی پارێزگا بۆی هەیە پێشنیازی هەڵوەشاندنەوەی پەسەندکردنی چاودێرێک یان زیاتر یان تیمی چاودێری بکات.

**سێیەم: لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا، بەرپرسی نووسینگەی هەڵبژاردن بۆی هەیە داوا لە چاودێر بکات کە باجەکەی ڕادەست بکات و بنکە بەجێبهێڵێت:**

أ- ئەگەر ڕێساکانی ڕەفتاری تایبەت بە چاودێران یان پەیڕەوی تایبەت بە تیمەکانی چاودێریی خۆجێیی بۆ هەڵبژاردنەکانی پێشێل کرد.

ب- ئەگەر یەکێک لە مەرجە پێویستەکان بۆ کاری چاودێری لەدەست دا.

ج- ئەگەر بەرپرسی بنکە دڵنیابوو لەوەی کە چاودێر کار لە ئازادی و ویستی دەنگدەران دەکات.

د- ئەگەر کارکردنی چاودێر بەردەوام ببێتە ڕێگر لەبەردەم بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن.

هـ- ئەگەر دیار بوو کە باجی چاودێر لە پارێزگایەکی دیکە درچوو بێت نەک ئەو پارێزگایەی کاری چاودێریی تێدا دەکات.

و- ئەگەر بەرپرسی بنکە بۆی دەرکەوت کە داخۆران یان سڕینەوەیەک لەسەر کارتی چاودێر هەیە.

**ماددەی -6-**

**یەکەم-** لە حاڵەتێکدا ئەگەر بڕیارێک لە ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە دەرچوو سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی پەسەندکردنی تیمی چاودێری، مافی ئەوەی هەیە لە بەردەم دەستەی دادوەریی هەڵبژاردن تانە لە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەسەندکردنی بدات.

**دووەم-** نوێنەری ڕێگەپێدراو پابەند دەبێت بە ڕادەستکردنی باجەکان بە نووسینگە، لە ماوەیەک کە لە (3) ڕۆژ تێپەڕ نەکات، لە بەرواری دەرچوونی بڕیاری هەڵوەشاندنەوە.

**ماددەی -7-**

ئەم ڕێنماییانە لە بەرواری پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە لە 2023/12/6 وە جێبەجێ دەکرێن.

**ئەنجوومەنی کۆمسیاران**